# ئازادی کوردستان لە نیوان شەر و ئاشتیدا .بەشدارییەکە بۆ ریفراندۆم لە کوردستاندا



مەحموود محەمەد ئوسمان

شاعیری ئەلمانی هاینرش هاینە ئەلێ ( ئەوەی بە کتێب سووتاندن دەستی پێ بکات بە مرۆڤ سووتاندن کۆتایی پێ دێنێ ) * ئەم چەند ووشەیە ئەوە ئەگەیەنێ کە ( نووسین – رەنگ-دەنگ – جوولانەوە ) رەنگدانەوەی بوونی ئینسانی کۆمەلایەتین. بە ووتەی مەکسیم غۆرگی پێوستە رێزی لێ بگیرێ نەک بەزەیی پێدا بێت . ئەم بەشانە ئەگەر بەرجەستە بکرێ لە بەرهەمێکدا بەهەربیرووبۆچوونێک بێت . لە ناوبردنی یان سانسۆر خستنە سەری بۆ بلاونەکردنەوەی. ووردە ووردە ئەگاتە لە ناوبردنی خاوەن بەرهەمەکە و رێخۆشکەرەیە بۆ جێ بەجێ کردنی ( یاسا پێشیلکردن کە سزای لەناوبردنی یەکسەری وەک تاکە مەنهەج پەیرەو ئەکرێ بۆ دووبارە بوونەوەی هەمان ئاواز کە بەدرێژایی مێژوو عەقل و خاوەنداریێەتی رەخنەیی لەناوماندا کووشت ) ** لەهەمان کاتدا ترسی دەسەلات پێشان ئەدات لەبەرەو پێشچوونی ئازادی مەعریفەت وەروونکردنەوەی مێژووی کۆمەلگاکان وە شێوەی دەسەلاتتیان . وە هەر نووسەرێک یان رۆشنبیرێک دەردەکانی کۆمەلگاو پەیوەندیەکانی وە هەلسووکەوتی کەسانی دەسەلاتدار ( کە نوێنەری سستمێکی ئابووری کۆمەلایەتی دیاریکراوە ) شیبکاتەوە وە بەرەخنەیەکی زانستییانە جۆری دەسەلات روون بکاتەوە و بەرژەوەندی نادیاری چینایەتی بدۆزێتەوە . وە رەخنەکەی بۆ جێبەجێ کردنی داواکارییەکانی خەلک بێت. هەلبەتە نووسەرێکی نەترسە { جرئ} چونکە ئەوەی باگراوندێکی مەعریفی نەبێت وەبنەماکانی ئابووری و مێژووی و کۆمەلایەتی دانەنا وەک پێوەر . ناتوانێ ئازادانە بیروڕای خۆی دەربرێ وە رووبەرووی دەسەلات بێتەوە .زۆرن ئەو نووسەرانەی لە پێناوی ئازادییدا گیانیا لە دەست وە بەرهەمەکانیان رێگایان رۆشنکردووتەوە .

هەلبەتە لە بەرامبەر شیکردنەوەی زانستیانەی نووسەرانی بە توانا کە قسەیان هەیە لەسەر ژیان و دەسەلات وە خوێنەرو ئەتباعی دەسەلات { هەردەسەلاتێک کە دژ بە ئازادی } ئەهێننە بیرکردنەوە بۆ تێگەیشتن . ئەبێ نووسینەکان بکوژێتەوە و دەنگەکان بخنکرێن و رەنگەکان رەشبکرێنەوە و دواترش لە جوولانەوە بکەوێت .

ئیتر چۆن وە چی سەلیقەیەک بەکار ئەهێنرێ بە زەبروو زەنگ یان بەتەشویهکردنی بەرهەمەکە و گەران بەدوای تایبەتمەندی خودی کەسەکە وە یاخود ئامادەکردنی چەند خاوەن مەعریفەیکی لەرزۆک . بۆ ئەوەی دیوارێکی رۆشنبیری بۆش دروست بکەن . لە هەمان کاتدا هاندانی قەلەمە نزیکەکانی دەسەلات بۆ پەخشان نووسین وە وەسف کردن لەجیاتی شیکردنەوەی زانستیانە و باسکردنی واقع .

ئەمانە کاری هەرە گرنگ و هەموو کاتێکی رژێمە فاشیستەکانی جیهانە و رژێمی بەعسیش پێشەنگی ئەم رەوتەیە .

ئازادی تەنها بوونی بیروباوەری جیاواز نییە . ئازادی رەخنەیە لە هەموو بوارەکانی ژیان وە رەخنەی راستەوخۆیە لەکەم وکۆری وناتەواوەییەتی دەسەلات . ئەبێ سەیری ئازادی بکەین لە پراکتیکی رۆژانە و لەنیوان داواکاریەکانی خەلک و هەولدان بۆ جێ بەجێ کردنی مافەکانی مرۆڤ .

کوردستان وەک گشت ئیتر چۆن ناوی لێ ئەنرێ وەک { دەولەتێک – دەزگایەک – شوێنێک } سەربەخویی تیا بەدی ناکرێت لە بریاری سیاسی و ئابووری و بەبەشی راگەیاندن و مەعریفیەوە . ئازاد نین لە چارەسەرکردنی کیشەکاندا . هەتا ئێستا لە روانگەی دەسەلات ووبەرژەوەندییەکانیەوە ئەرواننە چارەسەرکردنی کێشە { ناچارین بلێن سەختەکان } کە مەسەلەی میللی و شەر و ئاشتییە. ناگەرێنەوە بۆ دەنگی خەلک . وە تەنها دەنگی ئەمان وونە و هەر ئەمانیش

خاوەن بریاری کۆتایین . لە کاتێکدا ئەبینین کە دەنگی خەلک پێوەرە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە جیهاندا بە تایبەتی مەسەلەی میللی و پێکهێنانی دەولەت .

ئەگەر لە گشتەوە بۆ تایبەت وە لەسەرەوە بۆ خوارەوە بچین ئەبینین ئەم بێ سەربەخۆییە رەنگی داوەتەوە لەناوخۆدا و ناکۆکییەکی دیار و رۆشن بەدی ئەکرێ وە کاری کردووەتە سەر هەموو بەشەکانی کۆمەلگای کوردستان وەتووشی قەیرانی کردووە وەهیچ بەشێکی پایەیەکی (اسناد ) پێشکەوتنخواز و بەهێزی نییە . وە پیلانی بەرەو پێشچوونی هاوچەرخانە بەدی ناکرێت لە بوارەکانی پەروەردەو فەرهەنگ –راگەیاندن و سیاسی و ئابووری .

ئەگەر باسی ئاشتی بکەین زۆریک لە مەسەلەکان لە کاتی ئاشتیدا هەر بێ چارەسەرکردن ماوەتەوە . ئاشتیش بەبێ بەرەسمی ناسینی ئازادی وە بەبێ گەرانەوە بۆ بریاری خەلک وە بەبێ جێ بەجێ کردنی پێویستیەکانی مرۆڤ لە { پۆشاک وخۆراک و شوێنی حەوانەوە } خۆی لە خۆیدا شەرێکی راستەوخۆیە.

وەشەریش کۆمەلگا نابووت ئەکات وە بێ هێزت ئەکات لە رووی بریاری درووستەوە . وە رێگەی گەرانەوە بۆ عەقل وون ئەبێت .

باسەیری ئەم هاوکێشەیە بکەین . لایەکی ئەمریکا و وولاتە سەرمایەداریەکانی جیهان و وولاتەکانی چوار دەور. وەلایەکی تری خەلکی کوردستان . لایەنی یەکەم ئاشتی ئەوێ بەمەرجی بێ ئازادی _ تەنها شەر نەکردنەوەی دوو هێزەکە _ بریار نەدان یۆ چارەسەرنەکردنی مەسەلەی میللی _یارمەتی تورکیا وئێران بۆ تەسککردنەوەی جم وجوولی ئۆپۆزسیۆن _ مانەوەی کوردستان تا کاتی نادیار بەم شێوەیە _گرێدانی چارەنووسی کوردستان بەسیاسەتێکی نادیارەوە بەبوونی سەدام یان پاش سەدام _ بە ئۆردوگاکردنی کوردستان یەشێوەیەکی رەسمی .

لایەنی دووەم کە خەلکی کوردستانە ئاشتیان گەرەکە بەمەرجی ژیانێکی مەدەنی _ چارەسەری کێشەی میللی بە جیابوونەوەی کوردستان _ رێگرتن لە هێزەکانی تورکیا و ئێران و ئێراق _ سەربەخۆیی بریاری راگەیاندن وسیاسی و جیابوونەوەی دەسەلات لەبوارەکانی تری ژیاندا _ خۆش گوزەرانی وجێبەجێکردنی پێویستییەکانی ئاسایش بۆ ژیانێکی هاوچەرخ ودەیان داواکاری تر کە هەوینی راپەرینەکەی خەلکی کوردستان بوو بەرامبەر رژێمی بورجوازی بەعسی شۆڤێنی .

بەلی ئەم دوو لاتەرازووە کامیان ئەچێتە خانەی هەنگاو نان بەرەو کۆمەلگایەکی مەدەنی . کامیان چەوساندنەوەی میللی بنبر ئەکات وە جارێکی تر کیمیاوی باران و ئەنفال کردن دووبارە ناکاتەوە . کامیان ژیانی کۆچەری و پەناهەندەهی لە دەرەوە و تەنانەت لەناوشارەکانی کوردستان کۆتایی پێ ئەهێنی . ئایا ئاشتی ئەمریکاو ولاتە هاوپەیمانەکانی شەرێکی تر نییە دژ بەئیرادەی خەلکی کوردستان ؟ و مەعلومیشە کە دەسەلاتی کوردستان چی مەرجێکی بۆ ئاشتی هەلبژاردووە ..

## ریفراندۆم

بریار نەدانی هەر دەسەلاتێک لەسەر مەسەلەیەک کە بوونی هەبێ وە بەردەوامی قسەوباسی لەسەر بکرێت. سەلماندنی دوورکەوتنەوەی دەسەلاتە لەخەلک وپێشێل کردنی ئازادییە بەرەسمی .

ئەگەر بە گوێرەی گۆرانکاریەکانی جیهان سەیری وەزعی کوردستان بکەین . ئەگەر هەولدانی سەدان ملێون لە گەلانی دونیا دیقەت بدەین . کە خوازیاری ئازادی و لابردنی چەوساندنەوەی میللین . وە رۆژ بەرۆژ بەرهەمی رەنجیان هەنگاو ئەنێ بۆ ئارامی. ئەگەر لاوازی و ناکۆکییە ناوخۆیەکانی ولاتانی ئیراق و ئێران وتورکیا شیبکەینەوە . دواتر ئەگەر ئیرادەی خەلکی کوردستان و خەباتی نەپساوی لە پێناوی ئازادیوسەربەخۆیدا بە پشت وپەنای دابنەین . وە پشتگیری لە لایەن نووسەران و رۆشنبیران و تۆێژەکانی تر بۆ دوارۆژێکی گونجاو ولەگەل ئاوات و هیوایاندا بەرجەستە بێت . ئەوا هەق وایە هەرچی زووتر بگەرێنەوە بۆ بریارێکی هاوچەرخانە کە دەنگی خەلک پێوەرێک بێت بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان .

**ئایا مافی هەموو گەلانی دونیا نییە کە کە داوای مافەکانی مەشروعی خۆی بکات بۆ دەستنیشان کردنی ئەو شێوەیەی کە لەژیاندا ئەیەوێ ؟ یان جۆری دەسەلات دیاری بکات کە بگونجێ لەگەل ئاواتەکانیانا.؟ ئایا خەلکی کوردستان قوربانیەکی زۆریان نەداوە لە پێناو ئازادیدا ؟ ئایا مەسەلەی نەتەوەی کورد تاکە مەسەلە نییە کە شوێنی نەبووتەوە لە ناو هۆلەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ؟ ئایا ئەم قوربانیانە بەس نییە یان زۆرتریان ئەوێ ؟ من دلنیام کە هیچ سۆز ورێزکردن نییە لە نێوان دەسەلاتداران و گەلانی ژێر دەستە و بەلکو بەرژەوەندی پارە و دەسەلات پێش ئازادی وژیان .**

**ئایا ریفراندۆم مافێکی واقعی نییە ؟ ئایا ریفراندۆم شادەماری ئازادی نییە ؟ وە بەرجەستە کردنی بنەمەکانی ئازادییە نییە لە هەموو لایەنەکانی ژیان .**

**کێشەی کورد . کێشەی زیاد لە 30 ملیۆن مرۆڤە دابەش کراوە بەسەر چوار ولاتدا . کە جیاوازی هەیە لە شێوەی دەسەلات وە لەشێوەی تێروانیان بۆ مەسەلەکان وە جیاوازی لەروی ئابووری و کۆمەلایەتییەوە . وە جیاوازی لەرووی داوەکاریەکان و شێوەی چەوساندنەوە و ئازادی . لەهەندێ دەولەتدا داوەکاریەکان لەچوارچێوەی ئازادی رۆشنبیری و دان نان بەبوونی ئینسانی گەلانی تر کە گەلی کوردیش یەکێکە لەوان . وە لەهەندێ دەولەتدا سادەترین داوەکاریەکان جێ بەجێ ناکرێت وەک مافی هاولاتی بوون و بەکاری هێنانی زمانی کوردی و مافی دەربرین و ئازادی راگەیاندن . ئەوەی سەرنجراکێشە کە ئەم داوەکاریانە جێ بەجێ ئەکرێ لە ئۆروپا لەرێگای تابلۆیەکی هونەرمەند یان هەلپەرکێەکی میللی یان لەرێگای کۆکردنەوەی زیاد لە 100 ئیمزای مرۆڤێک .**

**ریفراندۆم چارەسەرێکی شارستانییە بۆ کێشەی گەلانی چەوساوە وە گەلی کوردیش یەکێکە لە گەلانی دونیا . زۆرن ئەوانەی کە لەسەر مەسەلەی کورد قسەیان کرد وەزۆرن ئەو نووسەر و خاوەن قەلەمانە کە ناسراون لە گۆرەپانی سیاسی ورۆشنبیری لەسەر ئەم مەسەلە بابەتیان نووسی. ئیتر ئایا نووسینەکانیان نارووشن بوو یان بەشێوەیەکی روگۆرانە لەسەر ئەم مەسەلە ئەیانووسی .وە کەمن ئەوانەی کە بەراشکاوەوە ئەیانووت خەلکی کوردستان مافی ریفراندۆمی هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی میللی و تا ئەگاتە پێکهێنانی دەولەتی سەربەخۆ .**

**وە هەلەی هەندی لەسیاسەتمەداران گوایە چارەنووسی کوردستان پەیوەستە بەهەموو ئێراقەوە وە ئەبێ لەلایەن هەموو ئێراقیەکانەوە دەستنیشان بکرێ .**

**داوەکارێکی نامۆیە وە روانگەیەکە کە بۆنی دەسەلات پێشان ئەدات بۆ مانەوەی گەلی کورد بە پلە دوو ..نموونە زۆرە لە دونیادا کە تەنها میللەتی ژێردەستە بۆی هەیە بەشداری بکا لە ریفراندۆم بۆ بریاردان لەسەر کێشەی میللی .**

**بۆ ئەم ترسە لە ریفراندۆم یان ئەم زاراوە کە ئیستا باوە { دابەشکردنی ئێراق } . وە بۆ ئەم دەمارگیرییە کە لە هەموو بوونەکاندا ئەلێن ئێمە ئێراقێکی بەهێزمان ئەوێ . ئایا ئارامی و بەهێزی دەولەت وە خۆشگوزەرانی و ئازادی لەسەر زۆری دانیشتووان و فراوانی دەولەت بەندە ؟ ئایا ناسینی گەلی کورد بە پلە دوو وە لکاندنی بە ناوەندەوە بە بێ ئیرادەی خۆی وە بەبێ بەشداربوون لە دەنگدان بۆ ئەو مەسەلەیە هۆیەکی بنەرەتییە بۆ بەهێز بوونی دەولەت ؟**

**وە لەم داوایانەدا پاراستنی خاکی ئێراق بووەتە پاسەپۆرتێک بۆ هەموو گروپ و لایەنەکان کە هەندێکیان ناویان لکاوە لەگەل بزووتنەوەی رزگاری کوردستاندا .**

**ریفراندۆم شێوازێکی شارستانیە وەواقعیە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی میللی لەکوردستان وە یەکێکە لە مافە بنەرەتییەکان بۆ بەهێزکردنی ئیرادەی مرۆڤایەتی وە بۆ یەکلایکردنەوەی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی وە رزگار بوون لەم بارە نا هەمووارە { کوردستان نە بەشێکە لە ئێراق و نە سەربەخۆیە وە لەهەمان کاتدا بەشێکە لە ئێراقەو سەربەخۆیشە } هاوکێشەیەکی نامۆیە بەلام واقعە. وە هۆیەکە بۆ دەربەدەری و باوەر بەخۆ نەبوون وە ترس لە دوارۆژێکی نارۆشن . نەهێزەکانی دەولەت ئەتوانێ ئەلتەرناتیڤێکی شارستانیان بدا وە نە ئەمریکا کە پێشوو و ئێستاش ناتوانی چارەسەری مەسەلەکە بکات .**

**ریفراندۆم رێگایەکە بۆ ئازادی و بۆ سەربەخووی وە بۆ پێکهێنانی دەولەتێکی هاوچەرخ و سیکوولاریزم نە مەزهەبی ونە ناسیوونالست بێت وە لە پێناوی بەرابەری بۆ هەموو خەلکی کوردستان.**

سەرچاوەکان

1 _ صادق جلال العظم _ ذهنية التحريم
2 _سيد محمود القمني _ الحزب الهاشمي وتأسيس الدولة الأسلامية

بەشێک لەم ووتارە پێش ئەم ڕووداوانەی ئێراق بلاو بووەوە . وە بە ئەربیش بلاوم کردەوە

مەحموود محەمەد ئوسمان
هۆلندا
m_s_osman@hotmail.com